www.kurdistannet.org
25-8-02 13:23:42

# نیمچە حکوومەتەکەی باوکی لاریّ

وەلأمیّك بوّ هە دوو برا "كاك گوّران و باوكی لاریّ"

كاوە كەمال

سەرەتا دەستان خوّش بوّ تەواوی بەکارهیّنانی ئازادی ڕادەربڕینتان ، تەنها بە و ئازادی یەو سەربەستی لە ڕادەربڕیندا بەرەو پیّش دەچین ، هەروەك لە سەرەتای وەلامەکەی باوکی لاریّ دا هاتووە وە باس لە دیموکراتخوازو ڕوّشنبیر دەکات وەك ئەوانە شەهادە یان پوّستی تایبەت بن بە خوّی وە لە کاتیّکا کەسیّکی تر هەبیّ هەلگری ئەوە بیّت ئیتر هەقی ئەمە هاوار بکات بلیّت : دەستی لیّ نەیەیت ئەوە هی منە . . با وابیّت بەلام بوّ دیموکراتخوازیّکی وەك باوکی لاریّ هەق نی یە ریّ گر بیّت لە کاك گوّران گەر یەکیّك لە بڕیارەکانی **<u>ئەو نیمچە حکوومەتەی باوکی لاریّ</u>** تاوتیّ بکات ، هەرچەندە من بە حکوومەتی تەواوی دەزانم وە پیّش هەموو کەس ئیعتیرافم پیّی هەیە .

با بیّینە سەر ئەوەی بوّچی گوّران "گەر ڕاست بیّ" کوردوستانی جیّ هیّشت ؟ ئەوە بوّ گوّران خوّی جیّ دیلّم . ئەوەی جیّ ی مەبەستە هەمان پرسیارە لە باوکی لاریّ : توّی دیموکراتخواز و ڕوّشنبیر بوّ کوردوستانت جیّ هیّشت؟؟ ئەی بوّ هاتیتەوە ؟؟ تویەك کە ئیّستا ئەم نیمچە حکومەتەت قبولە و دیفاعیّکی شیّلگیرانەی لیّ دەکەیت چیت دەکرد لە سوید؟؟ ئەی بوّ هاتیتەوە ؟؟

من دەلیّم گەر کارت مەیسەر بوایە هەرگیز لەبەر ئیشی ڕەش و سپی مەجالی هاتنەوەو دیفاعی زل و قسەی زلیشت نەدەبوو ، بەلام دیارە کارت باش نەڕوّشتووە وە فەشەلت فەرمووە بوّیە پەنات بوّ باوەشی گەرمی وولات هیّناوەتوە ، ئەو وولاتەی کە لەوانەیە توّش هەزار جار حکوومەتەکەی و خەلکەکەشیت بە خراپ ناو بردبیّت بوّ مەسلەحەتی "کەیسەکەت" بەهەرحال هەقی خوّتەبیّیتەوە ، وە من بەخیّرهاتنەوەت دەکەم .

جیّ ی خوّت چاك بکەو خوابکات تا سەر بیّت بەلام هەقی خوّیەتی بلیّین : بوّ هەقی خوّت نا هەقی مەکە ، خوّت لە باسەکەتدا دەلیّیت و نەسیحەتی گوّران دەکەیت کە مالی لە شوشە یە ئەدی بوّ بەرد دەهاویّت؟ بەلام نازانین توّ چیمان پیّ دەفروّشیت کە ڕەخنە لەو دەگریت و خوّشتهەندەرانیت ؟؟

ئەو نیمچە حکوومەتەی توّ باسی دەکەیت هەروەك ووتم حکوومەتی تەواوە ، تەواوە لە زوّر شتدا : لە ریّکخستنی کاروبار ، بەریّوەبردن ودارایی کوّکردنەوە لەوانەش باج کە باسەکەمانە . . بوّ ئەم مەسەلەیە "باج یان سەرانە ئەمن دەلیّم : باج هەقە و پیّویستە بە یەکسانی بدریّت واتە هەموو کەس " بە لیّپرسراوانیشەوە – بە بیّ حیلە شەرعیی" هەقە بیدەن ، لە بەرامبەریشدا هاوولا تیش هەقی هەیە – بە بیّ تەبریر هیّنانەوە بە قسەی لووس – کە مافی خوّش گوزەرانیی بوّ دابین بکریّ ، وەك پیّویستی یەکانی ژیانیّکی ئاسوودە ، ئاسایش ، نەترسان لە ئیّستاو داهاتوو ، گەر ئەمانە هەمووی وەدەستهات ئەوە دەتوانین ناوی بنیّین باج وەرگرتن ، ئەگینا لە سەرانە زیاتر هیچی تر نی یە . .

توّ باسی باجی سوید دەکەیت بەلام باسی ژیانی سویدمان بوّ ناکەیت ، جادەکانی ، خزمەتگوزاری یەکانی ، ئاسایشی ژیانی خەلکەکەی ، نەبوونی شەڕوشوّڕ ، کارەبای بەردەوام " بەبیّ منەت " . بوّ ئەمەیان کاتیّ ئەمسال باران زوّر بوو ئیّمە لە کوردوستان منەتی "زوّری باران و کارەبا" هەلدەکرین ڕوّژانە کە دەلیّن " حکوومەتی هەریّم کارەبای بەردەوام دابین دەکات" لەگەل ئەوەی پارەی زوّر زیادەدەدین . .

ناهەقی مەکەن لە بەراوردەکاندا خراپەی سوید و چاکەی ئیّرە هەلمەبژیّرە . لایەنە باشەکان بەرامبەر باشەکان . وە خراپەکان بەرامبەر خراپەکان . . . . . گوزەران بەرامبەر گوزەران . لە سوید کریّ ی خانوویان بوّ دایت ئەی لیّرە گەر یەکیّك پارەی کریّ ی نەبوو ئایا نیمچە حکوومەتەکەت هیچ دەدات . . وەلام : نەخیّر ئیّمە بەس وەردەگرین " وەك گوّران گوّتەنی " .

پرسیارە ناخوّشەکانیش :

* ئایا بەرپرسەکان باج دەدەن؟؟ لەسەر چی بوّیان حساب دەکەن؟؟ لەسەر مووچە ؟؟ من دەزانم کەم لەو مووچانە هەیە بگاتە ٢٠٠٠ دینار بەلام کەمیان هەیە <u>داهاتیان</u>لە ٥٠٠٠٠ " پەنجا هەزار دینار <u>کەمتر</u> بیّت ، جا ئایا لە سەر ئەوە باجیان لیّ دەسیّنریّت ؟؟ وەلام : نەخیّر ئیّمە تەنها وەردەگرین .

www.kurdistannet.org
25-8-02 13:23:42

*ئایا ئەو پارانە چییان لێ دێ ؟؟

* گەر بۆ میللەتە ئەوا داوا لە باوکی لاریٚ دەکەم ئەمجارە بە چاوێکی ڕەخنە ئامێزەوە سەردانێکی ناوبازاڕ، گەڕەکە هەژارەکان بکات و باسەکانی لاپەڕە ٣ ی ڕێوانی ژمارە ٢٩ و ٣٠ و ٣١ " سەرگوزشتەی ( . . . ) بخوێنێتەوە ، وە بپرسێت بزانێت نیمچە حکومەتەکەی چی کردووە بۆ ئەوەی ئەو لایەنە لە کۆمەڵگاکەمان دا دروست نەبێت جگە لە باج وەرگرتن لەوانیش " بەلام لە لایەن هەندێ بەرپرسەوە هەروەك لە باسەکەی ڕێوان دا هاتوە " .